



## نازدار جزیری:

# ئەلبوومی نوێم تێکەڵێکە لە کاری فۆلکلۆری و موزیکی نوێ

## فۆلکلۆر بناغەی بونیادی هونەری کوردییە و پێویستە گرنگیی زیاتری پێ بدرێت

بارودۆخی سیاسی و ئابووریی چەند ساڵی رابردوو جۆرێک لە سستیی دروستکرد بۆ هونەرمەندان بە جۆرێک بەشێکی زۆری هونەرمەندان لە چوار ساڵی رابردوودا بە دەگمەن کاریان پێشکەش کردووە و ئەگەر بێدەنگیشیان هەڵنەبژاردبێت، ئەوا تەنیا کارێکی سینگڵیان پێشکەش کردووە، نازدار جزیریی هونەرمەندیش یەکێک بوو لەو هونەرمەندانە، بەڵام ئەو ئێستا لە کوردستانە و بە گوڕو تینێکی زیاترەوە گەڕاوەتەوە بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمێکی نوێ کە وەک خۆی دەڵێت لە زۆر رووەوە جیاوازە لە کارەکانی پێشووی و تێکەڵێکە لە نێوان فۆلکلۆر کە زیاتر پێی ناسراوە لەگەڵ موزیکی نوێ و سەردەمیانە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

دیمانە/ خەلیل بلەیی

**تەنیا ئینستگرام بەکاردەهێنم**

**رابین بۆ من پشت و پەنایە و حەزمان نەکرد ژیانی ئاسایی و هونەریمان تێکەڵ بکەین**

**لە توانامدا هەیە تێکست و ئاواز بۆ هونەرمەندانی دیکە دانێم**

**• پاش چەند ساڵێك لە بێدەنگی بیرۆکەی بەرهەمی نوێ چۆن هاتەئاراوە؟**

-لەو ماوەیەدا چەندین بەرهەمی نوێم لەبەردەستدا بوو، پێویست بوو لە نێویاندا چەند بەرهەمێکی جوان هەڵبژێرم، چونکە لەو ماوەیەدا زۆر لە جەماوەر و هەوادارانی هونەری من پرسیاری ئەو بێدەنگییەیان دەکرد. دیارە بارودۆخی سیاسی و ئابووری یارمەتیدەر نەبوو، چونکە میللەتەکەمان رووبەڕووی کوشتن و جینۆساید بووینەوە و شەهید و قوربانیی زۆرمان دا لە شەڕی دژی تیرۆریستان، ئەم بارودۆخە وایکرد کە نەتوانین وەکو پێویستە لە کارە هونەرییەکانمان بەردەوام بین، چونکە بارودۆخەکە بەرەو باشتر دەبێت و هەمیشە کورد ژیانی خۆشویستووە دوای کارەسات و نەهامەتییەکان جەژنی نەورۆزی کردووە و لە دوای هەموو کەوتنێك بەهێزتر هەستاوە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەرگیز دەست لە دۆزەکەمان بەرنادەین. وەك هونەرمەندێك حەزم کرد چەند کارێکی نوێ پێشکەش بکەم.

**• دەکرێ هەندێك باسی ئەو ئەلبوومەمان بۆ بکەیت؟**

-ئەمە پێنجەم ئەلبوومی تایبەتی منە لە تورکیا کارەکانی ئەنجامداوە و جیاوازترە، ئەرانجور و دەرهێنەرم گۆڕیوە، هەوڵمداوە دەنگێکی زۆر پاك و کوالیتییەکی بەرز و بگاتە ئاستێکی جیهانی، چونکە زۆر کەس حەز گۆرانی بیانی دەکەن و دەیانەوێ گۆرانی کوردییش بە شێوازێکی جیهانی لەلایەن هونەرمەندانی کوردەوە پێشکەش بکرێت.

**• جیاوازییەکەی لە چ روویەکەوەیە؟**

- ئەلبوومەکانی پێشووم یەك گۆرانی خۆمی تێدایە، بەڵام ئەم جارەیان حەزم کرد شتی نوێی تێدا بێت، بۆیە چوار گۆرانییان تێکست و ئاوازی خۆمە، گۆرانییەکی تەکنۆ پۆپە، یەکیان پۆپە، سلۆ راك، ئەرابێسك، گۆرانییەکی نەتەوەیی تێدا هەیە کە سەرەتاکەی وەك سەمفۆنیکە. تێکست و ئاوازەکانیشی هی نەمر محەمەد تەیب تاهیر، عەبدولقەهار زاخۆیی، یوسف رەمەزان، دوو گۆرانییش یەکیان کرمانجی و یەکیان سۆرانی تێکستی ئەردەوان برادۆستی و ئاوازی خۆمە و وەك بەرهەمەکانی پێشووم گۆرانی فۆلکلۆریشی تێدایە، چونکە من وەکو کچە کوردێك فۆلکلۆر بە بناغەی هونەری کوردی دەزانم و کار لەسەر ئەوە دەکەم کە بۆ ئەم بناغەیە بۆ من بمینێت، چونکە هەر پێشکەوتن و جوانییەکی هونەری کوردی لە فۆلکلۆرەوە سەرچاوە دەگرن.

**• ئەو (١٢) تراکەت لە کۆی چەند تراك هەڵبژاردووە؟**

-لە نێو ٣٠ تا ٤٠ گۆرانی هەوڵێکی زۆرمدا تا ئەو ١٢ گۆرانییەم هەڵبژارد و بۆ هەڵبژاردنیان راوێژم بە دایك و باوکیشم کردووە، چونکە من حەز دەکەم لە کارەکانمدا رای کەسانێکی شارەزا وەرگرم.

**• بۆچی لە تێکست و ئاوازەکان پشتت بە خۆت بەستووە؟**

- یەکێك لە جیاوازییەکانی ئەلبوومەکەم ئەوەیە، پێشتر لە ئەلبوومی (لیلیۆ) گۆرانییەکی تێدا بوو بە ناوی (من بیریا تە کریە) لە تێکست و ئاوازی خۆم بوو، سەرکەوتووش بوو، بۆیە بیرم لەوە کردووە کە گۆرانی زیاتر ئامادە بکەم، لەم ئەلبوومە گۆرانییەکم لەسەر بووك ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لە ئاهەنگەکاندا خەڵك پشت بە گۆرانی فارسی و عەرەبی نەبەستن.

**• ئەگەر داوات لێ بکرێ دەتوانی تێکست و ئاواز بۆ هونەرمەندی دیکە دابنێی؟**

-بۆ نا؟ بەڵێ دەتوانم، دانانی تێکست و ئاواز بەوە ناکرێ تۆ دابنیشی و بڵێی ئێستا ئامادەی دەکەم، جاری وا هەیە تێکست لە سەرەتا دادەنرێت ئینجا میلۆدی و بەپێچەوانەوە.

**• رابین هونەرمەندێکی بە توانایە، بۆچی تا ئێستا دۆیوتتان نەکردووە؟**

-بە نیاز بووین لەو ئەلبوومە دۆیتویەك پێشکەش بکەین، بەڵام گۆرانییەکە ئامادە نەبوو، هەر کاتێك گۆرانییەك هەبوو کە لە رووی تێکست و ئاوازەوە گونجاو بێت، ئەوا بێگومان بە سینگڵ پێشکەشی جەماوەری دەکەین.

**• رابین زۆر هاوکاریت دەکات بە جۆرێك وازی لە کارەکانی خۆی هێناوە لەپێناو سەرکەوتنی کارەکانت، تۆ کەی ئەو قەرزەی دەدەیتەوە؟**

-من زۆر خۆشحاڵم کە کەسێکی وەك رابین پشت و پەنای منە لە ژیان و لە کاری هونەریمدا، چونکە چۆن بۆ کارەکانی خۆی هەوڵدەدات، ئەوەندەش بۆ من هەوڵدەدات، بۆیە هەر کاتێك کە دەستمان بە بەرهەمی رابین کرد، بێگومان بە هەموو شێوەیەك هاوکاری دەکەم و لە بەرنامەماندایە دەست بە کارەکانی ئەویش بکەین، چونکە چەند حەز دەکەم کارەکانی خۆم سەرکەوتوو بن، ئەوەندەش حەز دەکەم کارەکانی رابین سەرکەوتوو بن، ئەمەش هەستێکی زۆر جوانە کە دوو کەس یەکتر تەواو بکەن و نەبنە رێگر لە بەردەم یەکتری.

**• بۆچی هەواڵی هاوسەرگیریتان بۆ ماوەیەك ئاشکرا نەکرد؟**

- لەو کاتەوەی کە دەستم بە کاری هونەری کردووە، حەزم نەکردووە ژیانی تایبەتی خۆم تێکەڵ بە هونەر بکەم و هەر کاتێك کاری هونەریم نەبوویێت، حەزم نەکردووە باس لە ژیانی خۆم بکەم

و بکرێمە باسی میدیاکان بە کارێک کە دوورە لە هونەر، لە سەرەتای پەیوەندیشمان بڕیارمان وابوو کە زۆر باس لە ژیانی خۆمان نەکەین بۆ ئەوەی لە بواری هونەرییەوە دوانەکەوین. دوای نزیکەی سێ ساڵ خەڵک حەزی دەکرد، ئەو بابەتە باس بکرێت و زانیارییان هەبێت لەسەر پەیوەندیمان، ئەو کات بڕیارمان دا کە هاوسەرگیریمان ڕابگەیەنین و چیتر بە نهێنی نەمێنێتەوە.

**• دوای ئەوەی (کەنی) هاتە وجوود چی لە ژیانی ئێوە گۆڕا؟**

- هەموو شتێك گۆڕانکاریی بەسەردا هات لە ژیانی مندا، دایکایەتی پیرۆزترین و گەورەترین و خۆشترین هەستە لای من، ئێستا بە ڕاشکاوانە دەڵێم هەموو دنیا بە لایەك (کەنی)ی کچیشم بە لایەك، کە ناوی کچەکەم دێت، هەموو شتێك دەوەستێت.

**• دوای هاتنی کەنی کارەکانت ئاسانتر بوون، یان کەنی زیاتر هاندەرت بوو بۆ بەردەوامبوون؟**

- بێگومان دایکایەتی سەرەڕای ئەو هەستە پیرۆزەی سەختی و زەحمەتیی خۆیشی هەیە، چونکە گۆڕانکاری بەسەر ژیانی مندا هاتووە، جاران کاتم زۆر بوو، بەڵام ئێستا ئەو کات و دەرفەتە کەمتر بووە، چونکە ئێستا تەمەنی ساڵ و نیوێکە و من حەز دەکەم لەم ساڵەی سەرەتای تەمەنی کچەکەم تا دەگاتە چوار ساڵ گرنگییەکی تەواوی پێ بدەم و زۆربەی کاتی خۆمی بۆ تەرخان بکەم، بەیەکەوە بین، نەك لێی دوور بم، چونکە ئەم کاتە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی منداڵ بە شێوەیەکی دروست و تەندروست پێ بگات و لە و کاتە پێویستە هەندێك شت لە منەوە فێر بێت، بەشێوەیەکی گشتی نامەوێ کاری هونەریی خۆم کاریگەریی بەسەر گەورەبوونی کچەکەم هەبێت، یاخود کەمتەرخەم بم بەرامبەری و بە تەنیا بێت، هەرچەندە خانەوادەکەم زۆر هاوکاریم دەکەن، بۆ نموونە ئێستا کە من لە کوردستانم بۆ تەواوکردنی ئەلبوومەکەم ئەو لە لای دایکم ماوەتەوە لە ئەڵمانیا، بۆیە من بە دڵنیاییەوە کارەکانم ئەنجام دەدەم.

**•وەك هونەرمەندێك حەزدەکەی چ نازناوێکی هونەریت هەبێت؟**

-بوون و نەبوونی نازناو بۆ من گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە چی پێشکەش دەکەم و جەماوەر لێی ڕازی بێت و لەو ڕێگایەوە خزمەتێك بە هونەری کوردی بکەم، زۆر سوپاسی باوکم دەکەم کە ناوی نام نازدار و هەست دەکەم ناوی خۆم نازناوی ناوێ.

**• تا چەند گرنگی بە سۆشیال میدیا دەدەی؟**

-هونەرمەند، یان هەر کەسایەتییەك کە بۆ جەماوەر گرنگ بێت، پێویستە لە خەڵك دانەبڕێت و پەیوەندییان هەبێت بە جۆرێك کە کاریگەریی نەبێت لەسەر ژیانی ئاسایی خۆی، پەیوەندی من لەگەڵ سۆشیال میدیا خراپ نییە، بەڵام زۆر باشیش نییە، چونکە پێویستی بە تەرخانکردنی کاتێکی زۆر هەیە.

**• چەند ئەکاونت هەیە بە ناوی تۆ کە ئاگادار نیی لێیان و گرفتیان بۆت دروست نەکردووە؟**

- ئەکاوەنتی زۆر بە ناوی منەوە کراوەتەوە کە لە ژمار نایەن، بەتایبەتی لە فەیسبوك، بۆیە زیاتر ئینستگرام بەکار دەهێنم، بێگومان ئەم ئەکاوەنتانە گرفتیان بۆ من دروست کردووە، بەڵام ئەو گرفتانە بۆ هەموو هونەرمەندان هەیە، بەبێ جیاوازی، نەك تەنیا بۆ من، بۆیە بە ئاسایین دەزانم. لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بە خاڵێك بکەم سەبارەت بە خۆم، ئەویش ئەوەیە خەڵك پشتگیریی زۆری کارەکانی من دەکەن و ڕێزی لێدەگرن و کاتێك دەمبینن وەك کچێکی خۆیان سەیرم دەکەن، ئەمەش بۆ من مایەی سەربڵندییەکی زۆرە و زیاتر هاندەرە بۆ بەردەوامبوونم لە کارە هونەرییەکانم.

**• بە بۆنەی بڵاوکردنەوەی ئەلبوومی نوێت، چیت هەیە بە جەماوەرەکەتی بڵێی؟**

- کاری هونەری زۆر زەحمەت و ئاڵۆزە، هەرچەندە جەماوەر ڕووە جوانەکەی دەبینێت، بەڵام دیوەکەی تری هونەر بۆ هونەرمەندان بەتایبەتی پڕە لە سەختی و زەحمەتییەکی زۆریش دەبینین، تا کارێك ئامادە و پێشکەش دەکەین، لە وڵاتانی دوورەوە دێین، لە ئازیز و خۆشەویستانمان دووردەکەوینەوە و کاتێکی زۆری بۆ تەرخان دەکەین، چۆن ئێمە وەك منداڵێکی ئازیزی خۆمان سەیری کارە هونەرییەکانمان دەکەین و هیوادارم جەماوەریش بەو شێوەیە سەیری کارەکانمان بکات و پشتگیریمان بکەن.




# هندۆسەکان هێرش دەکەنە سەر ریشی کاپوور

ریشی کاپووری ئەکتەری ناسراوی هیندی بەوە ناسراوە کە بەردەوام تووشی کێشە و سەرئێشە دەبێتەوە بە هۆی ئەو ناکۆکییانەی لە نێوان هندۆس و موسڵمانەکانی هیندستان هەیە، چونکە داوای ئاشتی و تەبایی نێوانیان دەکات، بەڵام ئەم جارە بە هۆی نوێترین فیلمەکانییەوە هندۆسەکان هێرشێکی توندیان کردۆتە سەری، چونکە رۆڵی موسڵمانێك دەبینێت. فیلمە نوێیەکەی ریشی کاپوور کە بڕیار وایە لە سەرەتای مانگی ئاب نمایش بکرێت بە ناوی (Mulk)ە و لە دەرهێنانی ئانوباف سینهایە و خانمە ئەکتەر تاپسی بانۆ بەشداریی تێدا دەکات، چەند پرسیارێك دەوروژێنێت کە پەیوەندییان بە ئایین و نیشتمانەوە هەیە، پرۆمۆی فیلمەکە کە بەم دواییە بڵاو کراوەتەوە ئەوە نیشان دەکان و پشت بە چەند رووداوێکی راستەقینە دەبەستێت کە پەیوەندییان بە کردەوەیەکی تیرۆریستییەوە هەیە و خانەوادەی بابار کە خانەوادەیەکی موسڵمانی ناسراوە وەك گومانلێکراو لەو رووداوە نیشان دەدات. ریشی کاپوور رۆڵی کەسی یەکەم خانەوادەی بابار دەبینێت کە خەبات دەکات لە پێناو سەرخستنی ئایینی خۆی، بەڵام دواتر ناچار دەبێت کە روو لە دادگا بکات بۆ سەلماندنی خۆشەویستی خۆیان بۆ وڵاتەکەیان.

بەپێی راپۆرتە هەواڵەکان فیلمەکە باس لە رەگەزپەستی ئایینی لە هیندستان و مامەڵەکردن لەگەڵ موسڵمانان دەکات، بۆیە زۆر لە هندۆسەکان وایان لێکدایەوە کە پشتگیرییە لە موسڵمانەکان و پێیانوایە کەسێك بە ناوی داوود ئیبراهیم لە دژی هندۆسەکان خەرجییەکانی فیلمەکەی لە ئەستۆ گرتووە.

هندۆسەکان دژی ئەم فیلمە وەستان و هێرشێکی توندیان کرد سەر دەرهێنەر و پاڵەوانانی فیلمەکە و ئەو خانەوادە موسڵمانەی کە فیلمەکە باس لە ژیانیان دەکات و هەوڵەکانیان بۆ لابردنی تۆمەتی ناپاکی بەرامبەر بە هندستان کە رووبەڕوویان دەبێتە و سەرەڕای ئەوەی رایانگەیاندووە کە ئەم فیلمە هیچ پەیوەندییەکی بە ناکۆکیی نێوان هندۆس و موسڵمانەکانەوە نییە، بەڵام توندڕەوە هندۆسەکان بەردەوامن لە رەخنەکانیان و داوای سزادانیان دەکەن.





# ساند رووبەڕووی دەستدرێژی بۆتەوە



ماوەیەکە ئەکتەرە ئافرەتەکان لە راگەیاندنەکان باس لە دەستدرێژی کردنە سەریان دەکەن لەلایەن بەرهەمهێنەر و دەرهێنەران، بەم دواییە خانمە ئەکتەری فەرەنسی «ساند ڤان روی» رایگەیاند کە لە مانگی ئایاری رابردوو لەلایەن دەرهێنەر «لوك بیسوون»ی تەمەن ٥٩ ساڵ رووبەڕووی دەستدرێژی بۆتەوە لە یەکێك لە هۆتێلەکانی پاریس دوای گەڕانەوەی لە ئاهەنگەکانی فیستیڤاڵی سینەمایی کان.

رۆژنامەی (دەیلی میل)ی ئینگلیزی رایگەیاند کە میدیاکانی فەرەنسا وایان بڵاوکردۆتەوە ساند و بیسون لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو پەیوەندییان هەبوو، بەڵام ئەم خانمە ئەکتەرە تەمەن ٢٧ ساڵە وازی لە مافی خۆی هێنا بە ئاشکرانەکردنی ناسنامەی خۆی و بەم شێوەیە باسی لە رووداوەکە کرد: من زۆر لە ژیانی خۆم دەترسام، چونکە لە مردنەوە نزیك بووم، هەستم بە ئازارێکی زۆر دەکرد کە تا رۆژی دواتریش ئەو ئازارە مابوو، بێگومان ئەگەر کارەکە بەم شێوەیە توندوتیژ بێت، ئەوا پێی دەڵێن دەستدرێژی سێکسی.

ساند زیاتر دەربارەی رووداوەکە دەدوێت و دەڵێت: بە گریانەوە زۆر بە روونی و بە ئاشکرا پێم وت: بوەستە، بەڵام گوێی بە قسەکانی من نەدا و بە ناچاری ملکەچی کردم، هەرچەندە وام نیشان دا کە ئارەزووم لەو کارە نییە.

پارێزەری بیسون لەم بارەوە رایگەیاند: ئەم تۆمەتانە خەیاڵین و بیسون بە هەموو شێوەیەك رەتیان دەکاتەوە و گشت بەڵگەکان لە دادگا پێشکەش دەکات، نەك لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن. لەلایەکی دیکەوە یەکێك لە لێکۆڵەرەوەکان کە دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە لەگەڵ بیسون رایگەیاندووە کە ساند کوپێك چای خواردۆتەوە، دواتر خەوتووە، ئینجا بیسون لێی نزیك بۆتەوە و لە بەرەبەیانیش هۆتێلەکەی جێهێشتووە و بڕێك پارەشی لە شوێنی خۆی داناوە، بەڵام کە ساند بە هۆش خۆی هاتۆتەوە، هەستی کردووە کە دەستدرێژی سێکیسی کراوەتە سەر، بۆیە رووی لە بنکەی پۆلیس کردووە و سکاڵای پێشکەش کردووە.

# نورگول بەردەوامە لە پەیوەندییەکانی



خانمە ئەکتەری ناسراوی تورکی نورگول یەشیلگای کە بە (یاسەمین) ناسراوە، سەرقاڵی خۆئامادەکردنەوە بۆ وێنەگرتنی دوایین کارەکانی کە بریتییە لە زنجیرە درامایەك بە ناوی (گولبیری) کە تیمۆشین ئایسین لەگەڵی بەشداریی دەکات.

چەند سەرچاوەیەکی رۆژنامەوانی دەربارەی کرێی نورگول لەم درامایە رایانگەیاند کرێی نورگول بریتییە لە (١٥٠) هەزار لیرەی تورکی بۆ یەك ئەڵقە لە کاتێکدا کرێی تیمۆشین بریتییە لە (٥٠) هەزار لیرەی تورکی بۆ یەك ئەڵقە.

سەرچاوەکان ئەوەشیان راگەیاند کە نورگول ئێستا لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدایە لەگەڵ بەرهەمهێنەری تورکی نەجاتی کۆباشاش و بەم دواییە چەند وێنەیەکی خۆیان بڵاوکردەوە، نورگول لە ساڵی ٢٠٠٤ ژیانی هاوسەریی لەگەڵ ئەکتەر تورکی جیم ئۆزار، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠ جیابوونەوە، دواتر پەیوەندیی هەبوو لەگەڵ پزیشکێك کە ٥ ساڵ لە خۆی بچووکتر بوو، پێشتریش پەیوەندیی لەگەڵ دەرهێنەری تورکی تۆلجا کاراشلیك هەبوو.

شایەنی باسە دوایین کاری هونەری نورگول فیلمێکی ئێرانی بوو بە ناوی (جنۆکە جوانەکە) کە تێیدا رۆڵی کچێکی لاڵ دەبینێت، دوای ئەوەی تووشی شۆکێك دەبێت، توانای قسەکردنی لە دەست دەدات.